cyan magenta yellow black File: P.12-13 fl · Æ˝ ” 3

www.xebat.net
ژمارە (5368) 2017/10/12 پێنج شەممە

کارلۆس فیونتس: رۆمان کۆکەرەوەی زمان و زەمەن و شارستانی و کەسەکانە!

نووسینی / حەسونە موسباحی
وەرگێڕانی/ ئاکۆ عەبدولا

٢-١

لە رۆژی 12ی مانگنی ئایاری ساڵی 2012 رۆمانی جیهانی یەک لە سیمبولە گەورەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمی لەدەستدا. مەبەستم کارلۆس فیونتسی مەکسیکییە، ئەو کەسەی بە بڕێکی زۆر بەشداری لە گەشەپێدانی شێوە و ناوەرۆکی رۆمان کرد و لە ڕێگەشیەوە دیدە فەلسەفیەکەی خۆی بۆ جیهان و مێژوو و ژمارەیەک دۆزی بونگەرایی و مرۆڤایەتی خستەڕوو.



کارلۆس فیونتس حەزی نەدەکرد ژیاننامەی خۆی بنووسێتەوە، وەک ئەوەی زۆر ناوداری ئەدەبی کردوویانە و دەیکەن. لەو بارەوە دەیوت: "گەر کەسێک یاداشتی خۆی بنووسێ وەک ئەوە وایە وشەکانی مردنی لەسەر گۆڕەکەی هەڵبکۆڵێ". لە کتێبی (ئەوەی بڕوام پێی هەیە) کە لە سەرەتای هەزارەی نوێ بڵاوکراوە و تێیدا کۆی تێز و روانینەکانی لە بارەی ئەدەب و سیاسەت و مردن و ژیان و مێژووی وڵاتەکەی (مەکسیک) لە ئێستا و ڕابردوویدا خستۆتەڕوو. ئامادە بەوەش دەدات وشەی (ئاگادارببوون) لای ئەو لە وشە گرنگەکانە. (تەوەرە و جەمسەر) ی هەموو بیروباوەڕە هزری و فەلسەفی و میتافیزیقیەکانەیتی. کاتێک ئەم کتێبەشی نووسی، بەردەوام دەپرسی (لە کۆتایدا چ شتێک لە ژیاندا بە ئاگای هێنام؟".

کارلۆس فیونتس ساڵی 1928لە پەناما هاتەدونیا. لە خێزانێکی دیپلۆماسی، ئەمەش ڕێگەی پێدا لە ساڵانی هەرزەکاری و لاوی لە نێوان چەندان وڵات بێت و بچێت و شارەزای کەلتووری جۆراوجۆر و فێرە زمانی ئینگلیزی بێت. دواتریش بۆی ڕەخسا لە شوێنی جۆراوجۆر بژیەت. ئەو دەڵێت : "نووسەر بەختیار دەبێ کاتێک وڵاتی هەبێ و ژیانی بۆ بڕەخسێنێ، بەڵام بەختیارتردەبێ گەر لە گەردوون بژیەت". هەروەها دەڵێت : "قۆناغەکانی سەرەتایم لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خوێند. ئەمەریکای لاتینیش ڕۆڵی سەرەکی گێڕا لە پێکهاتەم. لە یانزدە ساڵی چوومە شیللی. لە پانزدە ساڵی لە بۆینس ئایرس ژیام. لە هەڤدە ساڵیش لە زانکۆی مەکسیکۆ قوتابی بووم. بەختیارییش خۆم لەبەردەم کۆمەڵێکی زمانی ناوخۆیی ئیسپانی دۆزیەوە. هەر زوش دەکرم بەوە کرد، زمانەکان ئاوێنەی تێکچوون، بۆ یەکتری وێنەی سەرەتایی دەنێرن".

لە سەردەمی منداڵی کارلۆس فیونتس زۆر کتێبی جۆراجۆری بوارەکانی مەعریفەی خوێندەوە، بەڵام ئەو کتێبەی کە زیاتر کاریگەری لێکرد، شاکارەکەی (دۆن کیخۆت) ی سێرڤانتس بوو، بۆیە تاکۆتایی ژیانی جەختی لەوە دەکرد هەموو ساڵێک جارێک بیخوێنێتەوە. لە هەر خوێندەوەیەکش هەستی بەوە دەکرد، یەکەمجارە دەیخوێنێتەوە. سەبارەت بەم کتێبە دەڵێت :

"کاتێک دۆن کیخۆتم خوێندەوە، هەستم بەوە کرد خوێندنەوەم بۆ ئەو کاتەی نووسراوە! هیچ کتێبێک مردوو نییە، بەڵکو کتێب بەردەوام بانگمان دەکات بۆ دۆزینەوەی ئەوانەی نوێن لە رابردوودا، لەبەر ئەوەیە ڕۆڵی ئەدەب سەرەکی و کرۆکییە، چونکە لەسەر دووتوێی ڕێگایەک دامانەنێ کە لەوێدا ئەندێشەی رابردوو و یادگای داهاتوو و جیاوازەکانی نێوانیشیان بەیەک دەگەن. وانەی گەورەی رۆمانیش ئەوەیە کە لای شەهرەزاد هەیە: چیرۆکی رابردووە کە لە ئێستادا دەگێڕدرێتەوە و ئایندە رزگار دەکات. شتی وەهاش هەیە ناکرێت باسیان بکرێت تەنیا لە رۆماندا نەبێت. رۆمانیش بواری گونجاوەکەی بەیەک گەیشتنی زمان و زەمەن و شارستانی و خەڵک و کەسەکانە!". لەتەک دۆن کیخۆت، کارلۆس فیونتس لە گەنجی چیرۆکەکانی بۆرخیسیشی خوێندبۆوە. ئەوەی دوایی قەناعەتی پێهێنا بە ئینگلیزی بنووسێ کە زۆر شەیدای ببوو، وەهاشی دادەنا زمانی نموونەیی و چاکترین زمانیشە بۆ نووسین. لە بارەی زمانی ئیسپانیش دەڵێت : "ئەو زمانەی ئیسپانیا بەسەر جیهانی نوێی فەرزکرد، زمانێکی بێگەردە، داهێنرا تاکو جۆرێک لە جیاوازیی کۆمەڵایەتییەکان داسەپێنێ. هەرچی زمانی داهێنانیشە، ئامانجی ئەو بەرفرەوانکردنی دەسەڵاتی نەتەوە و ئیمپریالیزمە، ڕەتدەکاتەوە. لە نێوان گروپە چەپەکان هاوکاری و یارمەتیدان و پێوەندی نێودەوڵەتی شتێکی ڕەوایە، هەروەکو نێستا یارمەتیدانی نێودەوڵەتی لە نێوان سۆسیالیستەکان، کۆمۆنیستەکان و گرووپەکانی دیکە بوونی هەیە.

ت) لایەنگری لە داڕووخانی داب و نەریت و هەبوونی شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە یان چاکسازیخواز و هێنانی پلانی نوێی کۆمەڵایەتی بە پێی پێوانەی ئایدیۆلۆجیا لە بەرامبەر کۆنەپارێزان و کۆنەپەرستان، باوەڕ بە خەڵک وەکو سەرچاوەی کۆتایی ڕاستەقینە و هێزی سیاسی، ویست و ئیرادەی خەڵک وەکو داوەری کۆتایی لە کاروباردا، سەرەنجام باوەڕ بە دیموکراسی بە جۆری تایبەت لە نابەرامبەرییەکانە، بەڵام چەپە توندڕەوەکانن (کۆمۆنیستەکان و ئانارشیستەکان) بەرامبەری ڕەها بە مەرجی دروستبوونی کۆمەڵگەی دادپەروەر دادەنێن.

ب) لایەنگری لە باوەڕ بە دنیا ژ باوەڕ بە پێشکەوتن کەم تا زیاد بە درێژایی مێژوو و زانستی مرۆڤایەتی بووە ژ لە بەرامبەر باوەڕی ئایینی و جیهانی دیکە، ڕووهێنان بۆ عەقڵ و بەڵگەهێنانەوە و هەبوونی باوەڕی فەلسەفی نا ئایینی یا دژە ئایین. ئەم بۆچوونە لە بنەمادا لەنێو لیبرالەکان سەری هەڵداوە (کە نە لایەنگری لە ئایین دەکەن و نە دوژمنایەتی ئایین دەکەن، بگرە بیرو باوەڕکان ئازادە) تا دژایەتی کردنی ئایین و بیرو باوەڕی ئایینی لە نێوان کۆمۆنیستەکان، کە باوەڕ بە مادە (ماتریالیزم) لە فەلسەفەی فەرمی خۆیان دادەنێن، لە جیاتی هەر جۆرە بیروباوەڕێکی دیکە، بەم هۆیە، ساکارترین شێوازی حکوومەتی چەپ، حکوومەتی بێ باوەڕیی (لائیک)، کە هیچ باوەڕ و فەلسەفەی فەرمی نییە و لە چوارچێوەی دەسەلاتی ئەوان، هەموو بیروباوەڕ و بۆچوون و ئایینزایەکان ئازادن و لە کۆتاییدا حکوومەتی کۆمۆنیستی دێت، کە فەلسەفەی فەرمی ئەو لەسەر بنەمای وەلانانی هەر جۆرە بیروباوەڕە بە جیهانی دیکە. هەڵبەت دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ، بەسەرهەڵدانی بزووتنەوە و حکوومەتە نوێیەکان، بەتایبەت لە بیافڕا ئیسلامی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لەلایەک خۆیان بە شۆڕشگێڕ دادەنێن و لەلایەکی دیکەوە پەیڕەوی لە ئیسلام دەکەن، ئەم بنەمایە، واتا بنەمای بێ دینی یان وەلانانی ئایین لە بزووتنەوە چەپەکان سست بووە.

پ) بەرەو ئینتەرناسیونالیزم چوون لە بەرامبەر نیشتمانپەروەری و ناسیۆنالیزم، باوەڕ بە تاقانەبوونی مرۆڤ و چارنووسی ئەو، لە پلەی جۆراوجۆردا. هەر بەم هۆیەوە چەپەکان بەرگری لە ناسیۆنالیزم بەڕەوا دادەنێن، بەڵام ناسیۆنالیزمی هێرشکەر، کە سەرەتای نووسینی هەر بەرهەمێکیشی هیچی نەدەزانی، تەنیا ئەوەندە نەبێ وەک دۆن کیخۆت، تا کۆتاییەکەی بچێتە ناو سەرچلییەک. هەروەها سەر بەو گروپە ڕۆمانووسانە نییە، ئەوانەی بەبێ جەنگی گەورە یان بەبێ پشت بەستن بە بەڵگەی ئاشکرا و ورد، لەو شێوەیەی ئیمێل زۆلا پشتی پێدەبەست، ڕۆمان دەنووسن. لە نێوان ئەو ناوەڕۆکانەش کە کارلۆس فیونتس گرنگی پێدەدان و دڵی پێوە خەریکبوو، (مێژوو و زەمەن) ن. لە کتێبی (پێنج خۆرەکەی مەکسیک و یادەوەری هەزار ساڵ) باس لە قۆناغە سەرەکییەکانی مێژووی وڵاتەکەی دەکات. لە چاخی ئالاستیکەوە تا چاخی نوێ. ئەم کتێبە لە دەقە هەڵبژێردراوەکانی ڕۆمانەکان و چیرۆکە کۆنەکان و وتارەکان و توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان و ڕیپۆرتاژەکان پێکهاتووە.

فیونتس وەهای دەبینی لە پێوەندی نووسەر بە زەمەن و مێژوودا دوو ڕەهەند هەیە. یەکەمیان : زەمەنی ڕۆمانی، کە بە زەڕووڕەتی خۆی جیایە لە زەمەنی مێژوونووس. تەنانەت کاتێک باس لە مێژوو دەکەن، هەردەم بابەتیانە نین. کەچی مێژوونووسان هەردەم خۆیان وەها دەبینن ناچارن پابەندبن بەو حەقیقەتەی کە حەقیقەتی لۆژیکییە. کە لە کۆتایدا پارێزگاری لە واتای خودی خۆی دەکات. بەپێچەوانەی ئەمە، ڕۆمانووس پشت بە حەقیقەتە شیعریەکان دەبەستێ. ئەمەش بە سروشتی خۆی، لەیەکتری جیاوازن. ئێمە لەیەک ڕۆماندا گوێمان لە دەنگی جۆراوجۆر و هەمەڕەنگ و پێچەوانە دەبێت. ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی کاری مێژوونووسەکانە، بەتایبەتیش کلاسیکییەکان.

دەستەواژەی چەپ و ڕاست لە چی هاتووە

ن: داریوش ئاشووری
و: ئەحمەد حاجی مەولود

زێد و شوێنی لە دایک بوونی چەپ و ڕاست (هەروەها زاراوەکانی وەکو چەپی و ڕاستی، لایەنی چەپ و لایەنی ڕاست یان دەستی ڕاستی و دەستی چەپی) دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی فەرەنسا، کە لە پەرلەمان، نوێنەرانی شۆڕشگێڕانی تووندڕەو لەلای چەپەوە و، کۆنەپارێزان لە لای ڕاستەوە دادەنیشتن. (ئەم شێوەیە لەدواییدا، لە پەرلەمانی ئەورووپا هەر مایەوە، لەو سەردەمەدا ئەم دوو زاراوەیە واتای ڕوون و جیای هەبوو، واتا چەپ بە واتای شۆڕشی بوون و لایەنگری لە گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی زیاتر بوو، ڕاست بە واتای دژایەتیکردن لەگەڵ هەر جۆرە گۆڕانکاری یان گەڕانەوەیەکی سنووردار بۆ ڕابردوو یان گەڕانەوەیەکی گشتیی بوو، بەڵام لە دوای ئەوەدا وەها هەوراز و نشێوی لە ڕوانگەی واتایی بە خۆوە بینیوە، کە لە دوای هەرجۆرە بۆچوونێکی نوێ و گۆڕانکارییەکی سیاسی و تێکەڵبوونی بۆچوونەکان لە هەردوولا، دیاریکردنی سنووردێکی دیاریکراو لە نێوانیاندا نەگونجاو بووە، چونکە هەر کام لەمانە لە واتای بەرفرەوانی خۆیان، وەها گرووپی جیاواز و نەگونجاو لە خۆ دەگرن، کە بێجگە لە واتای زۆر گشتیی و ناڕوون لێیان ناکەوێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتیی ڕەوتی چەپ هەموو گروپە چاکسازیخوازەکان و شۆڕشگێڕەکانی سەردەمی نوێیە، واتا لیبرالەکان، سۆسیالیستەکان، ئانارشیستەکان، کۆمۆنیستەکان و ئەوانەی دیکە، کە ئایدیۆلۆجیای ئەوان لەژێر کاریگەری ئەندێشە و بیروبۆچوونە نوێیەکان چێ بوونە، کە لە ڕێنیسانس بەم لاوە، بەتایبەت لە سەدەکانی 17و 18و 19لە ئەورووپا دروست بوونە، گرینگترین ئەم باوەڕانە بریتین لە باوەڕ بە ئەقڵ (ڕاسیۆنالیزم) لە بەرامبەر باوەڕی ئایینی، باوەڕ بە پێشکەوتن، باوەڕ بەرامبەرخوازی، باوەڕ بە دیموکراسی و ئازادی، مرۆڤدۆستی (ئۆمانیزم). بەڵام بۆچوون و شیکردنەوەی هەریەک لەم گرووپانە لەم چەمکانە وەها جۆراوجۆر و ناسازگارە، کە لە زۆربەی بواڕەکان ئەوانی لە بەرامبەر یەک داناوە. بە شێوەی گشتی تایبەتمەندییەکانی چەپ خاڵەکانی خوارەوە لە خۆ دەگرێ، هەڵبەت هەموو ئەم خاڵانە بە گشتی هەموو چەپەکان لەخۆ ناگرێتەوە، بگرە هەر کام کەم تا زیاد لە خۆ دەگرنەوە.

ئەلف) لایەنگری لە گۆڕانکاریی خێرا بەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ دروستکردنی بەرامبەری و لە نێوبردنی جیاوازی چینایەتی بەدەستێوەردانی هەرچی زیاتری دەوڵەت لە کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی. چەپە میانڕەوەکان (سۆسیالیستەکان، ڕادیکاڵەکان و لیبرالەکان) خوازیاری بەرامبەری تەواوی ئابووری و کۆمەڵایەتی نین، چونکە ئەوە بە هۆکاری دەستێوەردانی دەوڵەت لە هەموو کاروبارەکان دادەنێن، کە دەرئەنجامەکەی توتالیتاریزمە (واتا چاودێری دەوڵەت بەسەر هەموو چالاکییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی پارتی دەسەڵاتدار و وەلانانی هەر جۆرە چاودێری ئازادانەی کۆمەڵگە)، کە لە خۆی دا لە دەرئەنجامی دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا بوون.

تایبەتمەندییەکانی بۆچوونی ڕاست لە سەدەی نۆزدەیەم بەم شێوەیە بوو:

ئەلف) بەهەق دانانی نابەرامبەرییە کۆمەڵایەتییەکان و بە هەق دانانی جیاوازی چینایەتی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا لە بەرامبەر هێرشەکانی سۆسیالیزم.

ب) پارێزگاری و پشتگیری لە دامەزراوە باوەکانی کۆمەڵگە، وەکو بنەماڵە، کەلیسا، پاشایەتی و ئەوانەی وەکو ئەوانە لە بەرامبەر هەڕەشەی ڕەوتی چەپ.

پ) لایەنگری توند لە ناسیۆنالیزم و بەهێزکردنی هێزی نەتەوەیی و بە گەورەدانانی کولتووری نەتەوەیی(هەندێک جار ڕەچەڵەک) لە بەرامبەر بۆچوونە ئینتەرناسیۆنالیستەکان.

ت) پارێزگاری لە ئازادییە سیاسی و ئابووریەکانی تاک لە بەرامبەر هەر جۆرە دەستدرێژیکەرییەکی دەوڵەت و لایەنگری لە پشتگیری دەوڵەت لە پیشەییەکان و بەرهەمەکانی ناوەوە لە بەرامبەر کاڵا دەرەکییەکان.

ج) لەم سەردەمە، پارێزگاری لە سیستەمی پەلەمانی و شێوەکانی حکوومەتی یاسا لە بەرامبەر دەستدرێژییەکانی ئایدیۆلۆژییە گشتگیرەکان.

بەڵام ڕاستی نوێ تەنیا لەگەڵ کاروباری ئابووری پەیوەندییان نییە، بگرە ڕووکردنە ناسیۆنالیزمی ڕۆمانتیک لە نێوانیان دا بڵاوبۆتەوە. لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، دەرکەوت، کە ڕاستی نوێی تووندڕەو زۆر لەگەڵ ڕاستی کۆنەپارێزان جیاوازی هەیە و تەنانەت ڕووبەڕووی بووەتەوە. کاری ئەم بزووتنەوە نوێیە تەنیا پارێزگاری لە سیستەمەکە نەبوو، بگرە لەگەڵ چینەکانی سەرووش دژایەتی دەکرد. تووندڕەوترینی ئەم بزووتنەوانە ناسیۆنال سۆسیالیزمی هیتلەر و فاشیزمی ئیتاڵیا بوو. ئەم بزووتنەوەیە هەنگاو بە هەنگاوی پێداگوتن و پەرەستینی چەمکەکانی وەکو: نەتەوە و دەوڵەت، لەگەڵ سیاسەتی ئازادی ئابووری دژایەتی دەکرد و لایەنگری لە پێداچوونەوەی ئابووری دەوڵەت بۆ ئامانجگەلی سەربازی و داگیرکەری جیهانی بوو. بە دەرکەوتنی نازیزم و فاشیزم و شێوەکانی و هەڵوێستە شۆڕشگێڕەکانی ئەو لە بااڵی ڕاست، زۆربەی پێوەرە ناسراوەکانی ڕاست تێکچوو، هەروەکو پەیدابوونی بۆڵشویزم و کۆمۆنیزم لە بااڵی چەپ زۆربەی پێوەرە باوەکانی چەپی تێکدا، یان ڕەنگە بگوترێ هەر کام لەم دوو باڵە یان بۆچوونە بە ڕادەی زیادەڕەوانەی خۆیان، لە هەر دوو لای جیاواز، دژ بە خۆی، کە زیادەڕەوی ئەم، ئەوەی دیکەیە، نزیک و تەنانەت وەکو یەک لێتهاتن، هەروەکو ڕژێمە گشتگیرەکانی ڕاست و چەپ لە ڕوانگەی شێوازەوە لە زۆربەی بوار وەکو یەک دەمێتنەوە.



شێوە و پلەی جۆراوجۆر و بەهایەکانی خەڵک و خوازیاری بەرامبەری. باوەڕ بە خەڵک و "حکوومەتی خەڵکی" ڕیشەی لە لیبرالیزم دایە و کۆتاییەکەی دەسەڵاتی زەحمەتکێشانە، کە دروشمی بزووتنەوەکانی کۆمۆنیستە، کە بەرەو "دیکتاتۆریەتی پرۆلتاریا" دەڕوات.

زاراوەی ڕاست لەبارەی زنجیرەیەک بیروباوەڕی سیاسییە کە لایەنێکی سیاسی پێک دێنن و بەرامبەر بۆچوونی چەپ بەکار دێت. لە بنەمادا دەستی ڕاسی یان ڕاستڕەو بۆ کەسانێک بەکارهاتووە لە هێرش و پەلاماری شۆڕشی فەرەنسا بۆ دامەزراوەکانی پاشایی، کە ئەوان پارێزگاریان لێ دەکرد. لە سەدەی 19 زاراوەی ڕاست بەرامبەر بوو بە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەک (وەکو دەوڵەت، کلێسا و ڕێبەر) ، نیشتمان پەروەری، باوەڕ بە حکوومەتی بەهێز، خاوەندارییەتی، بەهێزکردنی سپا. ڕاستییەکانی فەرەنسا تا کۆمارەی سێیەم لایەنگریان لە پاشایی دەکرد، بەڵام کەم کەم پەیوەندی دەربەدەگی خۆیان پچڕاند و لە بەرامبەر هەرڕەشەکانی سۆسیالیزم، لایەنگری لە سەرمایەداریان دەکرد، نە تەنیا دژایەتی بەرامبەرخوازیان دەکرد، بگرە دژ بە هەر جۆرە ڕەوتەکانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی، بەتایبەت گواستنەوەی ئایدیۆلۆجیا نوێیە سیاسییەکان لە ئەورووپا بۆ ئاسیا و ئەفریقیا، شێوەگەلێکی لە بزووتنەوەی سیاسی و حکوومەتەکان پێکهێنا، کە تێکەڵییەکە لە بیروڕای ڕاست و چەپ. هەروەکو زۆربەی ئەم بزووتنەوانە و حکوومەتانە لایەنی ناسیۆنالیستی بەهێزیان هەیە، چونکە بەشی هەرە زۆری ئەم وڵاتانە، نەتەوەکان تازە دەردەکەون، لەو کاتەشدا زۆربەی دروشمە شۆڕشگێڕەکانی چەپ بەکاردێنن و ناوی شۆڕشگێڕ لەخۆ دەنێن و بانگەوازی بەرنامەی شۆڕشگێڕی بۆ پێشکەوتن و بەرفرەوانکردنی کۆمەڵگەی خۆیانن و لە لای دیکەوە بە زەوقەوە سەیری دامەزراوە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ڕابردووی خۆیان بەناوی شوناسی نەتەوەیی و کولتووری دەکەن، بۆیە جیاکردنەوەی پێکهاتەی ڕاست و چەپ لە بۆچوونی ئەوان دژوارە. هەروەها ئالوگۆڕی نوێ لە وڵاتە کۆمۆنیستەکان لە ڕوانگەی سیاسەتی ناوەوە و نێودەوڵەتی، هەروەها کێشمەکێشی ئایدیۆلۆجیایی نێوانیان، هەروەها گۆڕانکاری لە ڕوانگەی ڕاستە باوەکان لە بەرامبەر هەڵومەرجی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی و بەردەوام هاوکاریکردن و تەنانەت یەکیەتی نێودەوڵەتی و لەناوبردنی سنووری دیارکراوەکانی نەتەوەیی لە ڕوانگەی سیاسی و ئابووری، بە شێوەی گشتی هەڵومەرجێکی وا ڕەخساوە کە چەمکەکانی چەپ و ڕاست وەکو جاران پتەویی نەماوە، بۆیە دەبێ جیا لەبارەی پێکهاتەی ڕاست لە پێکهاتەی چەپ کە لەگەڵ یەک لە ئایدیۆلۆجیا و بەرنامە و شێوەی بزووتنەوەکان و حزبەکان و حکوومەتە جۆراوجۆرەکانی تێکەڵ بوو، لێک بناسرێنەوە. ئێستە کەم تا زۆر هیچ بزووتنەوە یان حزب یان حکوومەتێک نییە، کە بکرێ ناوی چەپ یان ڕاست بۆ هەموو کردار، بیروڕا و شێوەکانی بۆ یەکەمجار و بۆ هەمیشە بەکار ببردرێ.

لەو چەند ساڵەی کۆتاییدا زاراوەی ڕاست و چەپ بۆ دەستەبەندی ناوخۆیی حزبەکانیش بەکار دێت، هەروەکو لە حزبی کۆنەپارێزانی بەریتانیا مەبەست لە باڵی چەپی کۆنەپارێزان، کە هەندێک لە چەمکی چەپ، وەکو بەرنامەڕیزی ئابووری، فەرەنکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و ئازادی موستەعمەرەکان قبوڵ دەکات. لە حزبی کرێکارانی ئەو وڵاتەش، مەبەست لە باڵی چەپ، گرووپێکن کە لایەنگری سۆسیالیزم یان هەر ج زووتر گەیشتن بە سۆسیالیزم دەکەن و باڵی ڕاست، ناوی ناسۆسیالیستەکان یان لیبرالەکانی ئەو حزبەیە. لە حزبی کۆمۆنیستی چین باڵی لایەنگری مائۆ و "شۆڕشی کولتووری" باڵی چەپ و باڵی لایەنگری لیۆشائۆچی باڵی ڕاست پێک دێنێ.